# وەقایعی کوردستان

ڕۆژنـامـەی ڕەسمیی هـەرێمی کـوردسـتانە - وەزارەتـی داد دەری دەکـات

ژمارە (٣٠٨) ساڵی بیست و سێ ١٠ ئاب ٢٠٢٣زاینیی ١٩ خەرمانان ٢٧٢٣ کوردی ٢٣ محرم ١٤٤٤ کۆچی

308



**فەرمانی هەرێمی ژمارە (٢٥٢)ی ساڵی ٢٠٢٣ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان** لا ١

دیاریکردنی رۆژی هەڵبژاردنی گشتی پەرلەمانی کوردستان بۆ خولی شەشەم

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی** ٢

تایبەت بەمۆڵەتی کردنەوەی سەنتەری ڕاهێنان و شیاندنی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی** ٧

تایبەت بە بەکارخستنی سزادراوان وسپاردراوان لە هەرێمی کوردستان - عێراق

**ڕێنمایی ژمارە(٨)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی ناوخۆ** ٩

هەمواری چوارەمی رینمایی پێدانی جام رەش ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠١٩

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن** ١٢

هەمواری یەکەمی رێنمایی جێبەجێکردنی یاسای دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٢

**بەیانی گومرگی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ١٥

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ١٥

**بەیانی ژمارە (١٠ و ١١)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی داد** ١٦

**بەیانی ژمارە (١٧)ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی** ١٧

**بەیانی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار** ١٧

**بەیانی ژمارە (٢٩)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی تەندروستی** ١٧

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٣٠٨) | السنة ثلاثة وعشرون | ١٠ أب ٢٠٢٣ م. | ١٩ خەرمانان ٢٧٢٣ ك. | ٢٢ محرم ١٤٤٤ هـ.

**308**

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice



| | ص |
|---|---|
| **مرسوم إقليمي رقم (٢٥٢) لسنة ٢٠٢٣ رئاسة إقليم** | |
| يحدد يوم موعداً لإجراء الإنتخابات العامة لبرلمان كوردستان – العراق | ١٨ |
| **تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٣ مجلس القضاء** | ١٩ |
| مدونة سلوك القضاة لاقليم كوردستان- العراق | |


**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**


| | ص |
|---|---|
| **تعليمات رقم (٥) لسنة ٢٠٢٣ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية** | ٢ |
| **تعليمات رقم (٦) لسنة ٢٠٢٣ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية** | ٧ |
| **تعليمات رقم (٨) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الداخلية** | ٩ |
| **تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٣ وزارة ألاعمار و الاسكان** | ١٢ |
| **بيان گمارك رقم (١) لسنة ٢٠٢٣ وزارة المالية والاقتصاد** | ١٥ |
| **بيان رقم (٣) لسنة ٢٠٢٣ وزارة المالية والاقتصاد** | ١٥ |
| **بيان رقم (١٠ و ١١) لسنة ٢٠٢٣ وزارة العدل** | ١٦ |
| **بيان رقم (١٧) لسنة ٢٠٢٣ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية** | ١٧ |
| **بيان لسنة ٢٠٢٣ وزارة البلديات والسياحة** | ١٧ |
| **بيان رقم (٢٩) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الصحة** | ١٧ |



No. 308 Date: Aug 10, 2023 Vol.: 23

چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

سعر ١٥٠٠ دينار

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٥٥٠٨ ٢٢٤ ٠٦٦ - ٥٥٠٧ ٢٢٤ ٠٦٦ - ٥٥١٤ ٢٢٤ ٠٦٦

**سەرۆکایەتی هەرێم**
**ژمارە: ٩١٠ لە ٢٠٢٣/٨/٣**

**فەرمانی هەرێمی**
**ژمارە (٢٥٢)ی ساڵی ٢٠٢٣**

پاڵپشت بە برگەی (دووەم) لە ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، بڕیارماندا بە :

**یەکەم:**
دیاریکردنی ڕۆژی ٢٠٢٤/٢/٢٥ بە وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی بۆ خولی شەشەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان - عێراق.

**دووەم:**
گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان پابەند دەبن بە ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەم فەرمانە.

**سێیەم:**
ئەم فەرمانە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاودەکرێتەوە.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢٣/٨/٣**

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٥٣١٨ لە ٢٧ /٢٠٢٣/٧/**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە بڕگەی (ب)ی ماددەی ( ١٠٥ ) لە یاسای چاودێری کۆمەڵایەتی ژمارە ( ١٢٦ ) ساڵی ١٩٨٠ ، ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**تایبەت بە مۆڵەتی کردنەوەی سەنتەری ڕاهێنان و شیاندنی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت**

**بەشی یەکەم**

**پێناسە و ئامانج**

**ماددەی (١) پێناسە:**

مەبەســـت لەم دەســـتەواژە و زاراوانەی خوارەوە مـانـاکـانی بەرامبەریـانە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ڕێنماییە:

**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان – عێراق.

**دووەم: وەزارەت:** وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم.

**سێیەم: وەزیر:** وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم.

**چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی:** بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی چاودێری و گەشـــەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم.

**پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی:** بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کەمئەندامان لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.

**شەشەم: سەنتەری تایبەت:** سەنتەری ڕاهێنانی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت کە لە لایەن کەرتی تایبەتەوە دادەمەزرێن.

**حەوتەم: شیاندن:** کۆمەڵێك لە دەستخەری ئامادەکراو بەمەبەستی باشترکردنی کارایی کەمئەندامان وســـنووردارکردنی پەککەوتەیی ئەو کەســـانەی بەکێشـــەی تەندروســـتی گرفتار دەبن لەکاتی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ژینگەکەیان .

**ماددەی (٢) ئامانج:**

دامەزرانـدنی ســـەنتەری تـایبەتە ودابینکردنی خزمەتگوزاری جۆراجۆری کـاتی و بەردەوام بۆ شیاندنەوەی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت بە مەبەستی تێکەڵکردنەوەیان بە ژیانی ئاسایی کۆمەڵگە

## بەشی دووەم
## ڕێکار و مەرجەکان

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** وەزیر یا هەر کەسێك کە دەسەڵات لەو وەردەگرێت مۆڵەتی کردنەوەی سەنتەری تایبەت بە کەسی ئاسایی و مەعنەوی دەدات.

**دووەم:** ماوەی مۆڵەت (١) یەك ساڵە و لەسەر داوای خاوەنەکەی دوو ساڵ جارێک نوێ دەکرێتەوە.

**سێیەم:** بەڕێوەبەرایەتی داواکاری کردنەوەی سەنتەری تایبەت و نوێ کردنەوەی وەردەگرێت

**چوارەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی لیژنەیەکی هونەری لە بواری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و پەروەردەیی لە بەڕێوەبەرایەتی پێکدەهێنێت بە مەبەستی کەشفی شوێنکاری سەنتەری تایبەت و بوونی مەرجەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە، دواتر ڕاپۆرتی پێویست بەرزدەکەنەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بە مەبەستی ڕەزامەندی یان بەرزکردنەوەی بۆ وەزارەت .

**ماددەی (٤):**

لیژنەکانی چاودێری لە وەزارەت و بەرێوەبەرایەتی گشتی ئەرکی چاودێری و پشکنینی سەنتەری تایبەت دوای پێدانی مۆڵەت لە ئەستۆ دەگرن و ڕاپۆرتی پێویست بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بەرزدەکەنەوە.

**ماددەی (٥): مەرجەکانی مۆڵەت:**

**یەکەم:** دانیشتوو یاخود نیشتەجێی هەرێم بێت.

**دووەم:** بەڕێوەبەری سەنتەری تایبەت پسپۆڕی هەبێت لە بواری پەروەردەی تایبەت کە بە بەڵگە سەلمێنراو بێت.

**سێیەم:** ناسراو بن بە ڕابردوو و خورەوشتی باش.

**چوارەم:** بەرنامەی کاری سەنتەر پێشکەش بکات.

**پێنجەم:** پلانی ڕاهێنان و شیاندنی تایبەت بە سەنتەر پێشکەش بکات.

**شەشەم:** هێنانی ئەستۆپاکی لە بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی.

**حەوتەم:** هەر مەرجێك کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بە پێویستی بزانێت.

## بەشی سێیەم
## رسومات و کرێی وەرگرتن

**ماددەی (٦):**

ئەم بڕە پارانەی خوارەوە وەردەگیرێت بۆ پێدانی مۆڵەت و نوێکردنەوەی:

**یەکەم:** بڕی (٢٠٠٠٠٠٠ ) دوو ملیۆن دینار بۆ پێدانی مۆڵەت.

**دووەم:** بڕی ( ١٠٠٠٠٠٠ ) یەک ملیۆن دینار بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەت.

**ماددەی (٧):**

کرێی وەرگرتن و خزمەتگوزاریەکان لە سەنتەری تایبەت لەسەر ڕاسپاردەی لیژنەی هونەری لە لایەن خاوەنی سەنتەرەکان دەسنیشان دەکرێت و لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەزامەندی لەسەر دەدرێت لەسەر بنەمای جۆری باڵەخانەکە و ستاف و گشت ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەش بە کەیس دەکرێن بە مەرجێك بارگرانی زۆر نەکەوێتە سەر شانی کەسوکار و سەرپەرشتیاری کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت.

**ماددەی (٨):**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی لەرێگای لیژنەی هونەری ساڵانە بە هەماهەنگی لەگەڵ سەنتەری تایبەت بەکرێی وەرگرتن دادەچێتەوە بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی ئابووری و خزمەتگوزاری پێشکەش کراو.

**ماددەی (٩):**

وەرگرتنی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت بەبێ ڕەچاوکردنی تەمەن و ڕەگەز دەبێت ، پاشان پۆلێن بۆ ئەو کەیسانە دەکرێت بەڕەچاوکردنی جۆری کەمئەندامی و تەمەن و ڕەگەز.

## بەشی چوارەم

## مەرجەکانی پێویست لە باڵەخانەی سەنتەری تایبەت

**ماددەی (١٠):**

**یەکەم:** شوێنی جوگرافی گونجاو بێت کە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت دەکرێت، لە ناوچەیەك کە پێویستی بە خزمەتگوزاری شیاندنەوەی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی هەبێت.

**دووەم:** باڵەخانەکە سەربەخۆ بێت و هاوبەش نەبێت لە ڕێڕە و خزمەتگوزارییەکانی باڵەخانەیەکی تر و ڕووبەری لە (٤٠٠ ) م٢ کەمتر نەبێت و تەنها نهۆمی خوارەوە تایبەت بکرێت بە شیاندنەوەی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت.

**سێیەم:** پێویستە باخچە و یاریگای گونجاوی هەبێت.

**چوارەم:** دیوار و ڕێڕەوەکانی چوونە ژوورەوە و هاتنە دەرەوەی گونجاو بن ئاستەنگ بۆ جوولەی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت دروست نەکات.

**پێنجەم:** لە کاتی بوونی پۆل نابێت ڕووبەرەکەی لە (٥ x ٤) م٢ کەمتر بێت.

**شەشەم:** بوونی هۆڵی چالاکی وەرزشی کە ڕووبەرەکەی لە (٤x١٠) م٢ کەمتر نەبێت.

**حەوتەم:** پرسگە دەبێت لە دەرەوەی دەرگای سەرەکی باڵەخانەکە بێت.

**هەشتەم:** هەبوونی سیستەمی کامێرای چاودێری بۆ چاودێری کردنی گشت بەشەکانی سەنتەر.

**نۆیەم:** بوونی هەردوو جۆر ئاودەستی شەرقی و غەربی لە ناو سەنتەری تایبەت.

**دەیەم:** بوونی مەرجەکانی تەندروستی لە باڵەخانەکە بۆ نموونە سیستەمی ساردی و گەرمی و هەواگۆڕکێ و ڕووناکی.

**یانزدەم:** دابینکردنی سیستەمی ئاگرکوژێنەوە کە سەرجەم ڕووبەری باڵەخانەکە بگرێتە خۆی، لەگەڵ بوونی دەروازەی فریاکەوتن.

## بەشی پێنجەم
## ستاف و مەرجەکانی

**ماددەی (١١):**

**یەکەم:** بەڕێوەبەری سەنتەر پێویستە هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی تایبەتمەند بێت و شارەزا بێت لەم بوارەدا.

**دووەم:** ستافی سەنتەری تایبەت بە گوێرەی پێویستی کەیسەکان و جۆری کەمئەندامی و خاوەن پێداویستی تایبەت دیاری دەکرێن بە مەرجی بوونی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی و دەروونی و پزیشك و مامۆستا و دایەن و خزمەتگوزاری پێویست.

**سێیەم:** بەڕێوەبەری سەنتەری تایبەت یاریدەدەرێکی دەبێت بە بوونی هەمان مەرجی بەڕێوەبەر، بەشێك لە کارەکانی بەڕێوەبەر لە ئەستۆ دەگرێت، لەکاتی ئامادەنەبوونی بەڕێوەبەر یاریدەدەرەکەی شوێنی دەگرێتەوە.

**ماددەی (١٢):**

دەوامی سەنتەری تایبەت لە لایەن خودی سەنتەرەوە دیاری دەکرێت بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بە مەرجێك نابێت بۆ کەیسە کاتیەکان لە کاتی دەوامی فەرمی کەمتر بێت.

**ماددەی (١٣):**

سەرجەم ستافی سەنتەری تایبەت پێویستە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتیەوە دەستەبەریان بۆ بکرێت.

## بەشی شەشەم
## سزای سەرپێچی

**ماددەی (١٤):**

**یەکەم:** هەر سەنتەرێکی تایبەت سەرپێچی حوکمەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە و یاسا و ڕێنماییە پەیوەندارەکان بکات لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتیەوە ئاگادار دەکرێتەوە بە لادانی سەرپێچیەکەی لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژدا .

**دووەم:** لە کاتی بەردەوام بوونی سەرپێچییەکەی لە دوای ماوەی هاتوو لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە بە پێبژاردنێك سزا دەدرێت کە بڕەکەی لە ( ٢٥٠٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت.

**سێیەم:** لە کاتی بەردەوامبوونی سەنتەری تایبەت لەسەر سەرپێچیەکانی سەرەڕای جێبەجێ کردنی هەردوو برگەی ( یەکەم و دووەم )ی ئەم ماددەیە ئەوا بە ڕاپۆرتی لیژنەی هونەری پەسندکراو لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی یاخود هەر لیژنەیەکی تری وەزارەت بە بڕیاری وەزیر مۆڵەتی لێدەسێندرێتەوە.

**چوارەم:** خاوەن سەنتەری تایبەت بۆی نیە جارێکی تر داوای مۆڵەتی هاوشێوە بکاتەوە تەنها دوای تێپەربوونی (٢) دوو ساڵ نەبێت بەسەر ماوەی لێسەندنەوەی مۆڵەتی یەکەمی.

**پێنجەم:** لە کاتی بوونی (٣) سێ سەرپێچی لە ماوەی یەك ساڵدا سەنتەری تایبەت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتییەوە بە پێبژاردنێك سزا دەدرێت کە بڕەکەی لە (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت.

**ماددەی (١٥):**

خاوەن سەنتەری تایبەت بۆی هەیە تظلم لە بڕیاری وەزیر بە لێسەندنەوەی مۆڵەت بکات وە لە کاتی ڕەتکردنەوەی تظلمەکەی بۆی هەیە تانە لە بڕیاری وەزیر بدات لەبەردەم دادگای تایبەتمەند.

**ماددەی (١٦):**

وەزارەتی تەندروستی بۆی هەیە لە ڕێگەی لیژنەی چاودێری و پشکنین چاودێری لایەنی تەندروستی سەنتەرەکانی تایبەت بکات.

**ماددەی (١٧):**

ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کار وکاروباری کۆمەلایەتی**

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**
**ژمارە: ٥٣١٧ لە ٢٧ /٢٠٢٣/٧**

پاڵپشت بە ماددەی (٤٨) لە سیستەمی فەرمانگەی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٨ ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد :-

## ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٣
## تایبەت بە بەکارخستنی سزادراوان وسپاردراوان لە هەرێمی کوردستان - عێراق

**ماددەی (١):**

**یەکەم:** بەکارخستن لە ناو چاکسازییەکان مافێکە بۆ گشت سزادراوان و سپاردراوان بەبێ جیاوازی، بە مەرجی تواناو لێهاتووییان و هەبوونی دەرفەتی کاری پێویست.

**دووەم:** بەکارخستنی سزادراوان و سپاردراوان لە ناوەوە و دەرەوەی چاکسازییەکان بەشێکە لە پرۆسەی چاکسازی، ئامانج لێی دابینکردنی بژێوی خۆیان و خێزانەکەیان و گەڕانەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگا وەکو تاکێکی سوودبەخش و کارزان و بەرهەمهێن.

**سێیەم:** کارکردن سەپێندراو وبەزۆری نیە بەڵکو بەرەزامەندی سزادراو وسپاردراو دەبێت.

**چوارەم:** نابێت بەهیچ شێوەیەك سزادراو وسپاردراو بە کۆت وزنجیر کاریان پێ بکرێت.

**پێنجەم:** سزادراو و سپاردراوی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت مافی کارکردنی هەیە بەپێی توانای.

**ماددەی (٢):**

**یەکەم:** سپاردراو دوای تەواوکردنی تەمەنی (١٥) ساڵی مافی کارکردنی دەبێت پاڵپشت بە یاسای کاری بەرکار لە هەرێمی کوردستان بە مەرجێك نابێت کاتی کارکردنی نەوجەوان کاریگەری نەرێنی بۆ سەر خوێندنیان هەبێت، و هەروەها کاریگەری خراپی نەبێت بۆ سەر تەندروستی و خوڕەوشتی نەوجەوان.

**دووەم:** سزادراوان وراسپاردراونی تووشبوو بەنەخۆشی درێژخایەن (سەلمێندراو بە ڕاپۆرتی پزیشکی کە توانای کاریان نیە) بەدەر دەبن لە بەکارخستن.

**سێیەم:** خاوێنکردنەوەی شوێنی حەوانەوەی سزادراوان و سپاردراوان بەشێك نیە لە بەکارخستنیان ، وهیچ کرێیەك لەبەرامبەریدا وەرناگیرێت.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی دەرفەتی کار لە ناوخۆ و دەرەوەی چاکسازی دەرەخسێنن یاخود دەدۆزنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پلان و گرێبەستی پێویست لەگەڵ لایەنی حکومی و کەرتی تایبەت ئەنجام دەدەن دوای پەسندکردنی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی.

**دووەم:** وەرشەکانی چاکسازی بە مەبەستی ڕاهێنانی پیشەیی سزادراوان وسپاردراوان بەکاردێن ئەویش پێش قۆناغی بەکارخستنیان.

**سێیەم:** دانان وکردنەوەی کارگە وپرۆژەی بچوك وگونجاو لەناو چاکسازیەکان بۆ بەکارخستنی سزادراوان وسپاردراوان لەلایەن کەرتی گشتی.

**چوارەم:** ئاسانکاریکردن بۆ کەرتی تایبەت بەمەبەستی کردنەوەی کارگەی بچوك وگونجاو لەناو یان لە نزیك چاکسازیەکان بۆ بەکارخستنی سزادراوان وسپاردروان.

**پێنجەم:** خەرج کردنی قازانجی پرۆژەکانی ناو چاکسازی تەنها بۆ چاکسازی و زیندانیان وسپاردراوان دەبێت.

**شەشەم:** پێدانی قەرزی بچوك بە زیندانیان وسپاردراوان بۆ دانانی پرۆژەی بچوك وگونجاو.

**ماددەی (٤):**

**یەکەم:** لیژنەی هونەری هەڵدەستێت بە ڕێکخستن و پێدانی هەلی کارکردن بە سزادراوان و سپارداوان بە شێوازێك کە ئامانجی چاکسازی بهێنێتە دی.

**دووەم:** لە کاتی کەمی دەرفەتی کارکردن، پێویستە لیژنەی هونەری خوڕەوشتی سزادراو و سپاردراو، باری خێزانی، ماوەی سزایی کەمتر نەبێت لە پێنج ساڵ ، توانای جەستەیی، لێهاتوویان لەبەرچاو بگرێت.

**سێیەم:** جگە لە ناوەرۆکی برگە (ب)ی ئەم ماددەیە ، پێویستە لیژنەی هونەری ماوەی کارکردن دیاری بکات بۆ ئەوەی دەرفەتی یەکسان بۆ سەرجەم سزادراوان وسپاردراوان برەخسێت وکارکردن بە نۆرە بێت.

**چوارەم:** دواکەوتن و نەچوونی سزادراو وسپاردراو بۆ سەرکار یان هەر بۆشایەك لە کارکردن دروست ببێت لیژنەی هونەری بە سزادراوی تر چارەسەری دەکات.

**ماددەی (٥):**

بەکارخستن لە دەرەوەی چاکسازییەکان بەم مەرجانەی خوارەوە دەبێت:

**یەکەم:** سزادراو و سپاردراو دانیشتووی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بن.

**دووەم:** سپاردراوی کچ بەدەر دەبێت لە بەکارخستنی لە دەرەوەی چاکسازییەکان.

**سێیەم:** توانای جەستەیی و دەروونی شیاوی هەبێت بۆ کارکردن بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی.

**چوارەم:** خوڕەوشتی باش بێت لە ناو چاکسازی.

**ماددەی (٦):**

کاتی کارکردن و کاتژمێرەکان و پشــوو و مۆڵەت و کرێی کارکردن و دەســتەبەری کۆمەڵایەتی و خانەنشینی سزادراو سپاردراوی کرێکار بە گوێرەی یاسای کار و یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران دەبێت، بۆ ئەم مەبەســتەش بەڕێوەبەرایەتی گشــتی چاکســازی کۆمەڵایەتی هەماهەنگی پێویست دەکات لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی.

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:** مەرجەکانی ســەلامەتی پیشــەیی و تەندروســتی کارکردن لە لایەن خاوەنکارەوە دەســتەبەر دەکرێت ، وە پێویســتە کرێکار پابەندی لائیحەی کارکردن بێت کە لە لایەن خاوەنکار بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی هونەری ئامادە دەکرێت و لە شوێنی کارکردن هەڵدەواسرێت ، پاڵپشت بە ڕێنمایی تایبەتمەند و بەرکار لە هەرێمی کوردستان.

**دووەم:** شارەزایی و لێهاتوویی لە پاڵ جێبەجێ کردنی بڕگەی (١) ی ئەم ماددەیە مەرجی سەرەکین بۆ ئەو کارانەی کە سزادراو وسپاردراو ئەنجامی دەدات، بە تایبەتی لەو کارانەی کە پێویستیان بە شارەزایی هەیە یان مەترسی بۆ سەر ژیانیان دەبێت.

**سێیەم:** کامێرای چاودێری لە شوێنی کار جێگیر دەکرێت بە مەبەستی چاودێری و پاراستنی گیانی کرێکارانی سزادراو وسپاردراو.

**ماددەی (٨):**

بەکارهێنانی ئامێری پەیوەندی بە هەموو شێوەکان لەکاتی کارکردن لە دەرەوەی چاکسازی قەدەغەیە، وە لەکاتی بەکارهێنانی لە لایەن کرێکاری سزادراو ویان سپاردراو دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی لە کارکردن ئەگەر دووبارەی کردەوە.

**ماددەی (٩):**

خاوەنکار بۆی هەیە سزادراو و سپاردراو لەکار دوور بخاتەوە ئەگەر پابەندی مەرجەکانی کارکردن نەبوو.

**ماددەی (١٠):**

پاراستنی ئەمنیەتی سزادراوان و سپاردراوان لە کاتی کارکردن لە دەرەوەی چاکسازی لەئەستۆی هێزی جێبەجێکار دەبێت.

**ماددەی (١١):**

ئەم سزادراو و سپاردراوانەی خوارەوە بەکارخستن لە دەرەوەی چاکسازی نایانگرێتەوە:

**یەکەم:** تاوانی کوشتن کە ئاشتەوایی بۆ نەکراوە.

**دووەم:** تاوانی تیرۆر.

**سێیەم:** تاوانی بازرگانی بە ماددەی هۆشبەر.

**چوارەم:** تاوانی ڕفاندن و دەستدرێژی سێکسی ( الخطف والاغتصاب).

**پێنجەم:** هەر تاوانێکی تر کە لیژنەی هونەری پێی وابێت مەترسی دەخاتە سەر سزادراو وسپاردراو لە کاتی کارکردندا.

**ماددەی (١٢):**

**یەکەم:** کرێی کارکردنی سزادراو وسپاردراو لە گشت جۆرەکانی بەکارخستن بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەکرێت:

١- ١٠% لەکرێی کرێکار بۆ چاکسازی تۆمار دەکرێت وەکو داهات .

٢- ٣٠% لەکرێی کرێکار بۆ خودی سزادراوەکە دەبێت .

٣- ٤٠% بۆ خەرجی خێزانی دەبێت (ئەوکەسانەی بەرپرسە لە دابینکردنی بژێویان).

٤- ٢٠% لەکرێی کرێکار بۆ پاشەکەوت دەبێت بۆ دوای تەواوکردنی ماوەی حوکمەکەی .

**دووەم:** سزادراو وسپاردراو دوای داواکاری مافی تەصروفی دەبێت لەسەر پێشنیازی لیژنەی هونەری لەسەر ڕاکێشانی بڕێك لە پاشەکەوتەکەی کە لە نیوەی زیاتر نەبێت.

**ماددەی (١٣):**

**یەکەم:** پارەی پاشەکەوتکراو لە هۆبەی ئەمانات لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی هەڵدەگیرێت و دەپارێزرێت.

**دووەم:** بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی و کارمەندانی بۆیان نیە بە هیچ شێوەیەك وە بۆ هیچ مەبەستێکی کەسی تەسەروف بە پارەی پاشەکەوتکراوی سزادراو وسپاردراو بکەن.

**ماددەی (١٤):**

**یەکەم:** لە کاتی مردنی سزادراو وسپاردراو پارە پاشەکەوتکراوەکەی تەسلیم بە خانەوادەی دەکرێتەوە بە گوێرەی بەشنامە (قەسام شەرعی) کۆچکردوو.

**دووەم:** لەکاتی هەڵهاتنی سزادراو وسپاردراو لە چاکسازی ئەوا پارە پاشەکەوتکراوەکەی دەستی بەسەردا دەگیرێت و پاش (٥) ساڵ لە هەڵاتنەکەی داوای ڕەزامەندی دادوەر دەکرێت بۆ ئەوەی بکرێتە داهاتی گشتی.

**ماددەی (١٥):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کار وکاروباری کۆمەلایەتی**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٢٠٩٣٠ لە ٢٠٢٣/٧/٣١**

**ڕێنمایی ژمارە(٨)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**هەمواری چوارەمی رینمایی پێدانی جام ڕەش ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠١٩**

بەپێی ئەو دەسـەڵاتەی پێمان دراوە لە مادده (٣) بڕگە (١) لە یاسـای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ، دوا بەدوای ڕێنماییمان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٩ و ٨ی ٢٠٢٢ ) تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی جام ڕەش لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە : دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە هەمواریيەی خوارەوە:

**ماددەی (١):**

**زیادکردنی دوو بڕگە بە زنجیرەکانی (١١و ١٢) لە ماددەی چوارەم لە ڕێنمایی ژمارە (٥)ی سـاڵی ٢٠١٩) و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە**

١١- ئەو ئۆتۆمبێلەی کە مۆڵەتی جام ڕەشی ساڵانەی پێداروە و خاوەنەکەی دەیفرۆشێت بەڵام ماوەی مۆڵەتەکەی بەسـەر نەچوو ، ئەوا ماف دەدرێتە فرۆشـیاری ئۆتۆمبێلەکە کە ئەو ماوەیەی لە مۆڵەتەکە ماویەتی بۆ ئۆتۆمبێلێکی دیکە بەکاربیهێنێت بە پێشـکەشـکردنی داواکارییەك بۆ بەرێوەبەریەتی هاتووچۆی تایبەتمەند بۆ جام ڕەشکردنی ئۆتۆمبێلێکی دیکە .

١٢ -کرێی کارگێری وەردەگرێت بۆ جێبەجێکردنی بڕگە (١١)ی ئەم ماددەیە بەپێی بڕگە یەکەم / خاڵی (٧ و ٨)ی ماددەی دووەمی ڕێنمایی ژمارە (٨)ی سـاڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە هەمواری سـێیەمی ڕێنمایی ژمارە (٥ ی ساڵی ٢٠١٩ ).

**ماددەی دووەم:**

ئەم ڕێنماییە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردسـتان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن**
**ژمارە : ٤٣٢٨ لە ٢٠٢٣/٨/٧**

پاڵپشــت بە ماددەی (٧) لە یاســای دابینکردنی یەکەی نیشــتەجێبوون بۆ دانیشــتوان لە هەرێمی کوردســتــان ژمـارە (٧)ی ســـاڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو ، وە ئـامـاژە بە مـاددەی (٨) بڕگەی (٢) لە ڕێنمایی جێبەجێکردنی یاسای سەرەوە ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٢ ، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**هەمواری یەکەمی ڕێنمایی جێبەجێکردنی یاسای دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ دانیشتوان**
**لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٢**

**ماددەی (١):**

ماددەی (٧)ی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ســاڵی ٢٠١٢ تایبەت بە شــێوازی ئەژمارکردنی خاڵ بۆ مەبەســتی ڕیزبەندی بۆ پێشبڕکێ لە وەرگرتنی یەکەی نیشتەجێبوون هەڵدەوەشێتەوە و ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە:

شێوازی پێدانی خاڵ بە مەبەستی سوودمەندبوون:

**یەکەم :** زانیـاری لەســەر شــوێن کـاری پێشــکەشــکـار (داواکـار بۆ ســوودمەنـد بوون) (٤٠) خـاڵ { (١٥) خاڵ بۆ پیشە ، (٢٠) خاڵ بە پێی مووچە ، (٥) خاڵ بۆ ساڵانی خزمەت}

**پیشەی پێشکەشکار:** (١٥) خاڵ

| فەرمانبەر | خانەنشین | چاودێری کۆمەڵایەتی | تایبەت/ئازاد | بێ کار |
|---|---|---|---|---|
| ١٥ خاڵ | ١٥ خاڵ | ١٥ خاڵ | ١٥ خاڵ | ١٥ خاڵ |

**مووچەی پێشکەشکار:** (٢٠) خاڵ

| لە سفر تا ٢٥٠ هەزار دینار | لە ٢٥١هەزار دینار تا ٤٠٠ هەزار دینار | لە ٤٠١ هەزار دینار بۆ ٦٠٠ هەزار دینار | لە ٦٠١ هەزار دینار بۆ ٨٠٠ هەزار دینار | لە ٨٠١ هەزار دینار بۆ یەك ملیۆن دینار | لە یەك ملیۆن دینار زیاتر |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠ خاڵ | ١٩ خاڵ | ١٨ خاڵ | ١٤ خاڵ | ١٢ خاڵ | ١٠ خاڵ |

**ساڵانی خزمەتی پێشکەشکار:** (٥) خاڵ

داواکار بۆ سوودمەندبوون (٥) خاڵ وەردەگرێت ئەگەر بێتوو (٤٥) ساڵ خزمەتی هەبێت ، ئەگەر ماوەی خزمەتەکەی کەمتر بوو ئەوکات (ساڵانی خزمەت جاران (٥) دواتر دابەشی (٤٥) دەکرێت) دەرئەنجام بەخاڵ بۆی هەژمار دەکرێت .

**دووەم:** زانیاری لەسەر شوێن کاری (هاوسەر/هاوژین)ی پێشکەشکار (٣٠) خاڵ { (١٠) خاڵ بۆ پیشە، (١٥) خاڵ بە پێی مووچە، (٥) خاڵ بۆ خزمەت}

**پیشەی (هاوسەر/هاوژین) ی پێشکەشکار:** ١٠ خاڵ

| فەرمانبەر | خانەنشین | چاودێری کۆمەڵایەتی | کاری سەربەخۆ | بێ کار | لە ژیان نەماوە/لەگەڵی نەماوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ خاڵ | ١٠ خاڵ | ١٠ خاڵ | ١٠ خاڵ | ١٠ خاڵ | ٠ |

**مووچەی (هاوسەر/هاوژین) ی پێشکەشکار:** (١٥) خاڵ

| لە سفر تا ٢٥٠ هەزار دینار | لە ٢٥١هەزار دینار تا ٤٠٠ هەزار دینار | لە ٤٠١ هەزار دینار بۆ ٦٠٠ هەزار دینار | لە ٦٠١ هەزار دینار بۆ ٨٠٠ هەزار دینار | لە ٨٠١ هەزار دینار بۆ یەك ملیۆن دینار | لە یەك ملیۆن دینار زیاتر |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٥ خاڵ | ١٤ خاڵ | ١٣ خاڵ | ١٠ خاڵ | ٨ خاڵ | ٦ خاڵ |

**ساڵانی خزمەتی (هاوسەر/هاوژین)ی پێشکەشکار:** (٥) ساڵ

داواکار بۆ سوودمەندبوون (٥) خاڵ وەردەگرێت ئەگەر بێتوو (هاوسەر/هاوژین) (٤٥) ساڵ خزمەتی هەبێت ، ئەگەر ماوەی خزمەتەکەی کەمتر بوو ئەوکات ساڵانی خزمەت جاران (٥) دواتر دابەشی (٤٥) دەکرێت دەرئەنجام بەخاڵ بۆی هەژمار دەکرێت .

**سێیەم: ژمارەی ئەندامانی خێزان:** (٢٥) خاڵ

داواکار بۆ سوودمەند بوون بۆ هەر ئەندامێکی خێزان (٥) خاڵی وەردەگرێت ، بەڵام گەر خێزانێك لە (٥) کەس زیاتر بوو ئەوا تەنها (٢٥) خالی بۆ هەژمار .

**چوارەم: ساڵانی هاوسەرگیری** (٥) خاڵ

داواکار بۆ هەر ساڵێکی هاوسەرگیری (١) خاڵ وەردەگرێت بە مەرجێک تێکڕا لە (٥) خاڵ زیاتر وەرناگرێت .

**پێنجەم:** لەکۆتاییدا گەر دوو پێشکەشکار یان زیاتر هەمان خاڵیان کۆکردەوە ، ئەوکات بەم شێوەیەی خوارەوە ریزبەندیان بۆ دەکرێت:

١- بەدەر لە بڕگەی (سێیەم)ی ئەم ماددەیە ، ئەگەر داواکار (هاوسەر/هاوژینەکەی) لە ژیاندا نەمابێت ئەوکات (٢) خاڵ سەربار وەردەگرێت .

٢- پێشکەشکار بۆ سوودمەند بوون ئەگەر خۆی یان ئەندامانی خێزانی کەم ئەندامیان هەبوو بەگوێرەی بەڵگەی فەرمی و ڕێژەی دیاری کراو بۆ کەم ئەندامیان ئەوا بەگوێرەی خشتەی خوارەوە خاڵ وەردەگرن بە مەرجێک تێکڕای لە (٥) خاڵ ڕەتنادات .

**ڕێژەی کەم ئەندامی**

| ٥٠ % تاکو ٥٩ % | ٦٠ % تاکو ٦٩ % | ٧٠ % تاکو ٧٩ % | ٨٠ % تاکو ٨٩ % | ٩٠ % تاکو ١٠٠ % |
|---|---|---|---|---|
| ١ خاڵ | ٢ خاڵ | ٣ خاڵ | ٤ خاڵ | ٥ خاڵ |

٣- پێشــکەشــکار بۆ ســوودمەندبوون ئەگەر پێشــووتر فۆڕمی پڕکردبێتەوە لە هەر پڕۆژەیەکی نیشتەجێکردن بۆ کەم دەرامەت ، مافی پێشینەی پێدەدرێت بۆ سوودمەندبوون .

**ماددەی (٢):**

ئەم ڕێنماییە کاری پێدەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

**ئەندازیار**
**دانا عبدالکریم حمە صالح**
**وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**بەیانی گومرکی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

پاڵپشت بە بڕگەی دووەم لە ماددەی (١٧)ی یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠ی هەموارکراو ، و ماددەی (٥) لە یاسـای گومرگی ژمارە (٢٣)ی سـاڵی ١٩٨٤ی هەموارکراوە وە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارماندابە :-

- گۆڕینی ناوی (بنکەی گومرگی جوندیان ) ســـەر بە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی حاجی ئۆمەران بۆ بنکەی گومرگی (سۆران ) .
- لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**هەمواری بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

ئاماژە بەبڕیاری ئەنجومەنی دادوەری ژمارە (١٩) لە ٢٠٢٢/٤/٥) پاڵپشت بە بڕیاری دادگای باڵای ئیتحادی ژمارە (٧٢/اتحادیة /٢٠٢١ لە ٢٠٢١/١٠/٢٠ ) وە ئاماژە بە بەیانمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢) کە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (٢٨٣ لە ٢٠٢٢/٦/٢٠ ) بڵاوکراوەتەوە وە لە بەر بەرژەوەندی گشتی و باشتر بەڕێوەچوونی کارەکان بڕیارماندا بە ئەم هەموارکردنە .

**یەکەم:** گواســـتنەوەی ســـەرۆکایەتی دادگای گومرگی بۆ ســـەرۆکایەتی دادگاکانی تێهەڵچوونەوە لە ( هەولێر – سلێمانی – دهۆک – گەرمیان )

**دووەم:** گۆڕینی ناوی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری دادگای گومرگی بۆ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری داوا گومرگیەکان .

**ســێیەم:** گۆڕینی ناونیشـانی بەڕێوەبەری کارگێری دادگا بۆ بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کاروباری داوا گومرگیەکان .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی داد**

**بەیانی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٣**

دوا بەدوا دەرکردنی بەیانی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢١ی وەزارەتمان تایبەت بەکردنەوەی (بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دووەم لە پارێزگای سلێمانی) لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە تایبەتمەندکردنی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە بەراییکردنی ئەم کاروبارانەی خوارەوە :-

١- رایی کردنی مامەڵە کانی وەرگرتنەوەی قەرزی میری (تحصيل الديون الحكومية) بەپێی ئەحکامی مادەکانی (٩و١٣و١٤) لە یاسای وەرگرتنەوەی قەرزەکانی میری ژمارە (٥٦)ی سالی (١٩٧٧)ی هەموارکراو و بەرکارلە هەرێمی کوردستان .

٢- رایی کردنی مامەڵەکانی (الآوراق التجارية القابلة للتداول ) و جێبەجێکردنی مامەلەکانی (کۆمپیاڵەکان ) وەک لە ماددەی (١٤) بڕگەی (یەکەم) خاڵی (أ) لە یاسای جێبەجێکردنی ژمارە (٤٥)ی ساڵی (١٩٨٠) هەموارکراو هاتووە .

٣- ئەم بەیانە لە رۆژی دە رچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرست أحمد عبدالله**
**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی داد**

**بەیانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٠٧) ، وە لە بەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :-

١- کردنەوەی (هۆبەی خامەی دادگا لە دادگای کارگێری سلێمانی ) و( هۆبەی خامەی دادگا لە دادگای کارگێری دهۆک) سەر بە ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان .

٢- ئەم بەیانی جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**فەرست أحمد عبدالله**
**وەزیری داد**

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگە (٢) لە یاسایی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە(١٢) ساڵی ٢٠٠٧ دوابەدوای بەیانمان ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٢ بڕیارماندا بە:

١- گۆرینی بەشی (تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی دیوان) بۆ بەڕێوەبەرایەتی (تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی دیوان) بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی سەرجەم ئیش و کارەکانی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان و قەزاکان .

٢- پچرانی بەڕێوەبەرایەتیەکە لە دیوانی وەزارەت/کاروباری هونەری و لکاندنی بە بەرێز جەنابی وەزیر.

٣- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان) کاری لەسەر دەکرێت.

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار**

**بەیانی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە بەپێی ماددەی (١٠) لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ی هەموارکراو وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی وە گەیشتنی ژمارەی دانیشتوانی شارەوانی گردەسین لە سنوری پارێزگای دهۆک بۆ (٥٣٩٣) کەس بڕیارماندا بە:

١- گۆڕینی پلەی شارەوانی گردەسین لە پلەی (٤) بۆ پلەی (٣).

٢- ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا جێبەجێ دەکرێت.

**ساسان عەونی**
**وەزیری شارەوانی گەشتوگوزار**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی ژمارە (٢٩)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی هەر دوو هۆبە( پەرەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکان و پێداچوونەوەی کاروباری فەرمانبەران ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارگێری و دارایی لە دیوانی وەزارەت .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٧/٣.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**رئاسة إقليم**

**رقم: ٩١٠ في ٢٠٢٣/٨/٣**

**مرسوم إقليمي**

**رقم (٢٥٢) لسنة ٢٠٢٣**

إستناداً إلى أحكام الفقرة (ثانياً) من المادة (العاشرة) من قانون رئاسة إقليم كوردستان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل، رسمنا بما هو آتٍ :

**أولاً:**

يحدد **يوم ٢٥ / ٢ / ٢٠٢٤** موعداً لإجراء الإنتخابات العامة لبرلمان كوردستان – العراق لدورته السادسة.

**ثانياً:**

على الجهات ذات العلاقة التعاون و التنسيق مع المفوضية العليا المستقلة للإنتخابات لتنفيذ هذا المرسوم.

**ثالثاً:**

ينفذ هذا المرسوم من تاريخ صدوره و ينشر في الجريدة الرسمية.

**نيچيرڤان بارزاني**
**رئيس إقليم كوردستان**

**أربيل**
**٣/ ٨ / ٢٠٢٣**

**مجلس القضاء**

**رقم: ٢٢٥١ في ٢٠٢٣/٨/١**

استناداً لأحكام المادة (٦٧) من قانون السلطة القضائية لاقليم كوردستان – العراق رقم (٢٣) لسنة ٢٠٠٧ المعدل وبناءً على ما اقره مجلس القضاء في الاقليم، اصدر رئيس مجلس القضاء لاقليم كوردستان التعليمات الاتية:-

**رقم (١) لسنة ٢٠٢٣**

**مدونة سلوك القضاة لاقليم كوردستان- العراق**

**الفصل الأول**

**التعاريف والسريان**

**المادة (١):**

يقصد بالمصطلحات التالية المعاني المبينة إزاء كل منها: -

**أولاً: الإقليم**: إقليم كوردستان- العراق.

**ثانياً: السلطة القضائية**: السلطة القضائية لاقليم كوردستان- العراق.

**ثالثاً: مجلس القضاء**: مجلس القضاء لاقليم كوردستان- العراق.

**رابعاً: القاضي**: هو رئيس محكمة التمييز في الاقليم ونوابه وأعضاء محكمة تمييز الإقليم ورؤساء الاستئناف ونوابهم وقضاة الاستئناف وجميع القضاة المعينين بتلك الصفة أياً كان محل عملهم الدائم أو المؤقت.

**خامساً: اسرة القاضي**: هم أصوله و فروعه الى الدرجة الرابعة، وزوجه واصهاره من الدرجات المذكورة، واخوته واخواته وأولادهما.

**سادساً: الأشخاص وثيقي الصلة**: هم من اعتاد القاضي مساكنته أو مؤاكلته أو من تربطه به صداقة أو علاقة وثيقة يصعب معها تصور اتخاذه القرار فيما يتصل به بأي شكل بدون ميل .

**المادة (٢):**

تسري هذه المدونة على جميع القضاة المعينين في الإقليم بتلك الصفة اياً كان محل عملهم أو طبيعته.

**الفصل الثاني**

**الاستقلالية**

**المادة (٣):**

يلتزم القضاة بكل ما يضمن استقلال القضاء كسلطة وكأفراد، وبما يحقق العدالة، ويعزز سيادة القانون، ويرسخ الالتزام بمبادئ المشروعية ، ويعلي ثقة الجمهور بها، ويمنع أي تأثير أو تدخل في القضاء أو في شؤون العدالة .

**المادة (٤):**

يصون القاضي استقلاله الذاتي، بان يمارس مهامه بعيداً عن أي مؤثرات أو إغراءات أو ضغوط أو وعد أو وعيد أو تدخل مباشـر أو غير مباشـر من أية جهة كانت أو لاي سـبب كان، وبما يعزز الثقة باسـتقلاله وحياده ونزاهته.

**المادة (٥):**

يضمن القاضي تحرره- فعلياً وفي نظر المراقب الحصيف-من العلاقات غير الملائمة مع السلطة التشريعية أو التنفيذية، ويحرص على منع نفوذ أو تأثير اي منهما في إجراءاته وفي الأحكام والقرارات والأوامر التي يتخذها.

**المادة (٦):**

يحرص القاضي على العمل مستقلا عن آراء ومواقف وتدخلات ومصالح زملائه من القضاة، إنما لا يعد طلب المشورة القانونية منهم من قبيل التأثير الممنوع.

**المادة (٧):**

على القاضي رفض أي تدخل أو توسط من زملائه أو رؤسائه -سواء أكان مباشراً أو غير مباشر- في الدعاوى والطلبات التي ينظرها، ويمتنع عن التدخل أو التوسط المباشر أو غير المباشر أو التأثير بأي شكل في الدعاوى والطلبات التي ينظرها مرؤسيه أو زملائه من القضاة.

**المادة (٨):**

يمتنع القاضي عن الإتيان باي سلوك يمكن أن يخدش ثقة الخصوم أو الجمهور بالقضاء، ويحرص عن الابتعاد عن كل ما يوحي أو يعطي انطباعاً بان أفراد أسرته أو احد تابعيه من الموظفين أو المحققين العاملين معه أو أي شخص أخر له تأثير في توجهه القضائي.

## الفصل الثالث

## منع تعارض المصالح

**المادة (٩):** يحظر على القضاة :-

**أولا:** الجمع بين الوظيفة القضائية والوظيفتين التشريعية أو التنفيذية أو أي عمل آخر بضمنها ممارسة الأعمال التجارية، أو أي عمل لا يتفق مع كرامة القضاء.

**ثانيا:** الانتماء الى أي حزب أو منظمة سياسية أو العمل في أي نشاط سياسي.

**ثالثا:** الاشتغال في العمل الحزبي أو الترشح للانتخابات البرلمانية أو المحلية أو داخل التنظيمات السياسية إلا بعد تقديم استقالته.

**رابعا:** شراء الأشياء أو الأموال أو الحقوق المتنازع عليها امام المحاكم أو التي تباع بمعرفته أو تحت إشرافه أو بقرار منه سواء تم الشراء باسمه أو باسم اياً من أفراد أسرته أو باسم اي من الأشخاص وثيقي الصلة به ، أو باسم مستعار. ويمنع عليهم شراء تلك الأموال أو الأشياء أو الحقوق كلها أو بعضها إذا كان النظر في النزاع يدخل في اختصاص المحكمة التي يباشر عمله في دائرتها.

**خامسا:** بيع أمواله لمحجور أو شراء أموال المحجور بنفسه أو احد أفراد أسرته أو الأشخاص وثيقي الصلة به.

**سادسا:** الاشتراك في هيئة قضائية واحدة مع قضاة تربطهم به مصاهرة أو قرابة لغاية الدرجة الرابعة.

**سابعا:** النظر في طعن على حكم أصدره قاض تربطه به مصاهرة أو قرابة لغاية الدرجة الرابعة.

**المادة (١٠):**

الامتناع عن كشف الصفة القضائية -خارج إطار العمل القضائي -دون ضرورة أو التلويح بسلطانها أو استخدام النفوذ في التعامل مع الآخرين.

**المادة (١١):**

يلتزم القاضي بكتمان الامور والمعلومات والوثائق التي يطلع عليها بحكم ممارسة مهامه القضائية أو بسببها سواء المتعلقة بأجهزة الإقليم أو الأشخاص ويظل هذا الواجب قائما حتى بعد انتهاء خدمته.

**المادة (١٢):**

**أولا:** العمل بدقة وبجدية بأحكام التنحي الوجوبي وفقاً لقانون المرافعات المدنية ، والحرص على العمل بحالات التنحي الجوازي لمنع تعارض المصالح ومنح الثقة للمتقاضين في القضاء وإجراءات المحاكم.

**ثانيا:** على القاضي التنحي عن اتخاذ أو المشاركة في اتخاذ إجراءات قضائية أو حكم أو قرار أو امر في كل حالة لا يستطيع الفصل فيها دون تحيز ، أو يبدو لمراقب حصيف انه لا يمكنه اتخاذ القرار دون تحيز.

## الفصل الرابع
## الحيادية

**المادة (١٣):**

يلتزم القضاة الحياد فيما يتخذوه من أحكام وقرارات وأوامر وفيما يباشروه من إجراءات سابقة عليها.

**المادة (١٤):**

يتجنب القضاة – حين قيامهم بواجباتهم القضائية – المحاباة أو التحيز أو التحامل، لاي سبب كان، سياسي أو اجتماعي أو جغرافي أو ديني أو مذهبي أو عائلي أو متصل بالقومية أو العرق أو بسبب الجنس أو العلاقات الخاصة أو الثروة أو النفوذ.

**المادة (١٥):**

يلتزم القضاة بتجنب المواقف والسلوكيات التي تزيد من مناسبات تستلزم – وفقا لأحكام القانون – تنحيه عن النظر في الدعاوى والطلبات أو الفصل فيها.

**المادة (١٦):**

يمتنع القاضي عن إبداء الرأي أو التعليق بشأن موضوع دعوى معروضة عليه أو من المتوقع ان تعرض عليه، بما يؤدي الى وجوبية تنحيه ، أو يؤثر بعدالة الإجراءات التي يتخذها أو تؤثر على توفير محاكمة عادلة لاي خصم أو دعوى أو تخل بثقة الخصوم بالقضاء وحياده، وان يتجنب تلقين احد الخصوم حججاً أو دفاعات أو اياً مما يشكل محاباة لاحد الطرفين على حساب الاخر.

**المادة (١٧):**

يمنح القاضي الخصوم فرصا متكافئة لبسط دعاواهم وبيان طلباتهم وتقديم دفاع كل منهم وابداء وجهات نظرهم ، وان يعاملهم بالسوية في جميع مواقفه وسلوكياته.

**المادة (١٨):**

**أولاً:** يمنع على القاضي التردد على الخصوم أو وكلائهم أو ان يستقبل احدهم في بيته أو يلتقي به خارج المحكمة أو خارج مقر عمله، ولا ان يستمع لاحد الخصوم أو وكلائهم خارج جلسات المرافعة أو المحاكمة بغياب الخصم الآخر ، في غير الأحوال التي يجيز فيها القانون ذلك.

**ثانياً:** يمتنع على القاضي القبول باستخدام محل إقامته من محام أو احد أصحاب المهن القانونية لاستقبال الخصوم أو المتقاضين أو وكلائهم .

**المادة (١٩):**

يصدر القاضي أحكامه وقراراته و أوامره وفقاً لاحكام القانون باعلى مستوى من التجرد والموضوعية، دون ان يكون لمعتقداته وقناعاته وخلفياته الفكرية أو الدينية أو العقائدية أو السياسية أو الاجتماعية وتجاربه الخاصة اي تأثير فيها.

**المادة (٢٠):**

يتجنب القاضي كل ما يثير الشك في حياده وعدم محاباته وعدم تحيزه، بضمنها تجنب تعميق العلاقات مع المحامين والخبراء وغيرهم من أصحاب المهن الذين يزاولون أعمالهم في محكمته أو مقر عمله.

**المادة (٢١):**

الحرص على تجنب المشاركة في المناسبات الرسمية وغير الرسمية أو قبول الدعوات الخاصة أو المشاركة في النشاطات الخاصة بما قد يؤثر على وضعه أو مكانته أو يثير الشكوك في سلوكه أو استقلاله أو حياده.

**المادة (٢٢):**

يحرص القضاة على الالتزام بتدوين أقوال الخصوم في المحاضر بدقة ودون تحريف أو تغيير، وان يعرضوا الحقائق والمعلومات بشكل دقيق دون تحيز أو تحريف أو إخفاء، وان يتخذوا وأحكامهم وقراراتهم وأوامرهم بناءً على الأدلة والحقائق وأحكام القانون دون تأخير غير مبرر.

**المادة (٢٣):**

يحرص القاضي على عدم التاثر بالمواقف الشعبية أو الاعلامية أو الراي العام بشأن القضايا المنظورة امامه ، وان يتحرر من كافة المؤثرات ، سوى حكم القانون وأدلة الخصوم واقوالهم وحججهم ومقتضيات العدالة. على ان يبقى منفتحاً على المجتمع وآرائه وتوجهاته دون ان تؤثر فيه حين نظره وفصله في القضايا التي ينظرها.

**المادة (٢٤):**

يحظر على القضاة بناء علاقات رسمية مع أية جهة قضائية أجنبية دون موافقة رئيس مجلس القضاء.

**المادة (٢٥):**

يحظر على القضاة إجراء المقابلات الإعلامية دون موافقة المرجع أو الإدلاء بتصريحات تخص شؤون القضاء.

**الفصل الخامس**
**النزاهة والشفافية**

**المادة (٢٦):**

يلتزم القضاة بالمحافظة على كرامة القضاء بالتزام الحيدة والنزاهة والابتعاد عن كل ما يبعث الريبة في استقامتهم ، أو يخل بثقة الجمهور بالقضاء.

**المادة (٢٧):**

يمتد التزام القاضي بالنزاهة الى ان يكون سلوكه فوق الشبهات من وجهة نظر المراقب الحصيف.

**المادة (٢٨):**

يلتزم القاضي بالتصرف بما يؤمن تحقيق العدالة، وان يعرف الجمهور بان العدالة تتحقق، لتأكيد ثقة الجمهور بنزاهة القضاء وعدالته.

**المادة (٢٩):**

امتناع القاضي عن استغلال المنصب القضائي لتحقيق مصالح شخصية أو عائلية أو حزبية أو مكاسب مادية.

**المادة (٣٠):**

امتناع القاضي عن قبول الهدايا أو المكافئات أو المنح سواء بشكل مباشر أو غير مباشر الا في الحدود التي يجيزها القانون. والحرص على منع أفراد أسرته من قبولها في غير الأحوال التي يجيزها القانون .

**المادة (٣١):**

تقديم إقرار الكشف عن الذمة المالية في مواعيده وفقاً لما ينص عليه القانون.

**الفصل السادس**
**المساواة**

**المادة (٣٢):**

يعزز القضاة المساواة وتكافؤ الفرص في معاملتهم مع الجميع ، سواءً في سلوكهم أو في إجراءاتهم أو في الأحكام والقرارات والأوامر التي يصدرونها.

**المادة (٣٣):**

على القضاة احترام التنوع في المجتمع سواء أكان مصدره العرق أو اللون أو الجنس أو الدين أو الاصل القومي أو الطبقة الاجتماعية أو العجز أو العمر أو الوضع الزوجي أو التوجهات الجنسية أو الحالة الاجتماعية أو الوضع الاقتصادي وغيرها.

**المادة (٣٤):**

ينأى القضاة بأنفسهم عن الاستهزاء أو تجريح شعور المتهمين أو الخصوم أو المحامين أو الخبراء أو الشهود، ويمتنعون عن الأداء بما يعطي انطباع بالانحياز أو عدم المساواة.

**الفصل السابع**
**اللياقة**

**المادة (٣٥):**

يتصرف القاضي حين أداء مهامه القضائية وخارجها بطريقة تليق برفعة المنصب القضائي في ضوء الحساسية وضبط النفس المطلوبين بمن يشغل ذلك المنصب .

**المادة (٣٦):**

تجنب ارتياد الأماكن التي لا تتناسب أو تمس هيبة المنصب القضائي.

**المادة (٣٧):**

الظهور بالمظهر اللائق في مقر العمل وخارجه والتحاور بطريقة لبقة وحكيمة ولائقة.

**المادة (٣٨):**

ارتداء الكسوة القضائية أثناء المرافعات أو المحاكمات وفق تعليمات مجلس القضاء.

**الفصل الثامن**
**الكفاءة والاجتهاد**

**المادة (٣٩):**

يحيط القاضي باحكام التشريعات ذات الصلة بمهامه القضائية ويتابع المتغيرات والتطورات والتحديثات فيها، واجتهادات القضاء في الاقليم وفي عموم العراق والبلدان النظيرة بشأنها، وتجنب الوقوع في اخطاء علمية أو عملية فاحشة تخل بهيبة القضاء وتعرضه للانتقاد ، وتدني التقييم عند الجمهور وعند المراقبين الحصيفين.

**المادة (٤٠):**

تطوير وتحديث المعرفة باحكام الاتفاقيات الدولية والمعايير الدولية لحقوق الإنسان ومبادئ المحاكمات العادلة والتطورات فيها ، والسعي لتطبيق احكامها بما يتوافق مع القوانين الوطنية.

**المادة (٤١):**

المساهمة الجادة في اثراء المعرفة القانونية والسعي للحفاظ على المهارات والمؤهلات وتطويرها.

**المادة (٤٢):**

أداء المهام القضائية بكفاءة وفاعلية وحياد وإنجاز الدعاوى والطلبات في سقف زمني مناسب بما يحقق عدالة ناجزة أو ضمن السقوف الزمنية المحددة في القانون.

**المادة (٤٣):**

التمتع بالصبر والوقار وحسن الاستماع في التعامل مع المتهمين والخصوم والمحامين والخبراء ومراجعي المحكمة باي شكل من الأشكال، والحفاظ على هيبة المحكمة أثناء المرافعات أو المحاكمات وخارجها.

**المادة (٤٤):**

فهم موضـــوع الدعوى وادراك جميع أدلة الخصـــوم وأقوالهم وطلباتهم وتحري الحق وبذل الجهد والتقصي عن حكم القانون ومقتضيات العدالة والإنصاف، وإعلان الحق في الأحكام والقرارات والأوامر بكل ثقة واطمئنان وشجاعة.

**المادة (٤٥):**

تطوير المعارف والخبرات اللازمة لتمكين القاضي من الاجتهاد والاستنباط بشجاعة ومهنية، بما يتناسب مع معايير حقوق الإنسان والعدالة ومبادئ المحاكمات العادلة.

## الفصل التاسع

## تبني معايير حقوق الإنسان

**المادة (٤٦):**

الإحاطة بمبادئ الإعلان العالمي لحقوق الإنسان وغيرها من الاتفاقيات الدولية والمعايير الدولية لحقوق الإنسان والحرص على تفسير القوانين الوطنية في ضوئها وبما يتوافق مع احكامها.

**المادة (٤٧):**

توفير الضـــمانات القانونية للمتهمين في ضـــوء القانون ومبادئ المحاكمات العادلة والمعايير الدولية لحقوق الإنسان ومنع التعسف ضدهم.

**المادة (٤٨):**

تجنب التوقيف التعسفي أو إطالة مدد التوقيف أو التوقيف في القضايا البسيطة ومعاملة المتهمين في القضايا المختلفة بذات النهج.

**المادة (٤٩):**

عدم السماح باستخدام التعذيب أو المعاملة القاسية أو المهينة أو الوعد أو الوعيد أو التهديد أو الإغراء أو الطرق التي يمنعها الدستور والقوانين في التعامل مع المتهمين أو الشهود أو الخبراء لانتزاع اعترافات أو شهادات منهم واتخاذ الإجراءات القانونية المناسبة في حالة وقوع حالات مماثلة والتحقيق في كل ادعاء بالتعذيب أو الإهانة أو التهديد .

**المادة (٥٠):**

على القضاة الالتزام بمباديء حقوق الإنسان في التعامل مع المراجعين واطراف الدعوى.

## الفصل العاشر
## ممارسة القضاة للحقوق والحريات

**المادة (٥١):**

للقضاة كمواطنين ممارسة جميع الحريات والحقوق التي ينص عليها الدستور وتقرها المعايير الدولية لحقوق الإنسان مع مراعاة أوضاعهم كقضاة وضمانات الحفاظ على هيبة القضاء وتجنب مواضع الشبهات.

**المادة (٥٢):**

للقضاة حرية الرأي والاعتقاد والتعبير عن الرأي بما لا يخل بهيبة القضاء ومكانته وبما يراعي قدسية رسالة القضاء وحياده واستقلاله.

**المادة (٥٣):**

للقضاة حق إنشاء الجمعيات والمنظمات غير الحكومية وغير السياسية وحق الانضمام اليها والعمل معها، شريطة التصرف بطريقة تحافظ على هيبة القضاء وحياده واستقلاله.

**المادة (٥٤):**

يحظر على القاضي الإدلاء بالتصريحات والمعلومات والآراء فيما يتصل بالطلبات والدعاوى المعروضة أمامه.

**المادة (٥٥):**

يحرص القضاة على تجنب نشر ما يفصح عن توجهاته الفكرية والسياسية والاجتماعية والدينية والعقائدية التي يحتمل منها ان تخدش نزاهته وحياده أو تزعزع الثقة بالقضاء، أو التي تعبر عن المناصرة لجهة معينة، سوى نتاجه العلمي والبحثي والقانوني.

**المادة (٥٦):**

على القاضي تجنب نشر الصور والفديوهات التي قد تمس كرامة القضاء أو تبعث الريبة في استقامته.

**المادة (٥٧):**

يمتنع القاضي عن الرد عن أي إساءة يتعرض اليه عبر وسائل التواصل الاجتماعي أو الاعلام وانما عليه بدلاً من ذلك الالتجاء الى رئيسه المباشر لاتخاذ الإجراءات اللازمة بشأن ذلك.

## الفصل الحادي عشر
## التزامات متنوعة

**المادة (٥٨):**

الالتزام باحترام ساعات العمل وبذل الجهود للفصل في الدعاوى والطلبات في اقرب مدة ممكنة وتجنب تأجيل الجلسات دون مبرر ، أو الامتناع عن الرد على الطلبات التي يقدمها الخصوم أو تأخير الفصل بها.

**المادة (٥٩):**

احترام الخصوم والمتهمين والشهود والخبراء وحسن الإصغاء اليهم والتحلي بالهدوء والحكمة والتروي.

**المادة (٦٠):**

مراقبة حسن أداء من هم معه وترسيخ معايير الشفافية والمساءلة في أدائهم لمهامهم.

**المادة (٦١):**

استخدام الموارد المتاحة لتحقيق الأهداف العامة وفي الأغراض المخصصة لها .

**المادة (٦٢):**

المحافظة على موجودات محل عمله والامتناع عن استخدامها للأغراض الشخصية أو في غير الأغراض المخصصة لها.

**المادة (٦٣):**

الحرص على تجنب استخدام أجهزة الاتصال أثناء جلسات المحاكمة أو المرافعة.

**المادة (٦٤):**

ليس للقضاة العمل في اللجان القضائية وغير القضائية دون موافقة مسبقة من رئيس مجلس القضاء.

## الفصل الثاني عشر
## الإجراءات الانضباطية

**المادة (٦٥):**

يعاقب القاضي باحدى العقوبات الانضباطية المحددة في قانون السلطة القضائية للإقليم في حال إخلاله باي من المعايير والقواعد السلوكية المنصوص عليها في هذه المدونة.

**المادة (٦٦):**

لا يجوز إيقاع عقوبة انضباطية على القاضي عن سلوك ما لم يكن ممنوع بموجب قانون أو تعليمات أو التعميمات الملزمة الصادرة قبل ارتكاب القاضي للسلوك المطلوب محاكمته انضباطيا عنه.

**المادة (٦٧):**

تضمن جهات مساءلة القضاة -بضمنها مجلس القضاء ولجنة شؤون القضاة ورؤساء الاستئناف- عند اتخاذ الإجراءات الانضباطية ضد القضاة ما يأتي :-

**أولاً**: الا تكون الإجراءات الانضباطية واسعة النطاق .

**ثانياً**: ان لا يساء العمل بها، وان لا تكون وسيلة للاستهداف الشخصي، أو بما يجعلها وسيلة للتدخل في شؤون العدالة والمحاكم ، وفي استقلال القضاة الذاتي.

**ثالثاً**: توفير الضمانات القانونية كافة للقضاة المعرضين للمساءلة حين اتهامهم والتحقيق معهم ومحاكمتهم انضباطياً.

**رابعاً**: ان لا تسحب يد القاضي إلا بناءً على مخالفات انضباطية بالغة الجسامة وتتوفر بشأنها أدلة معتبرة.

**خامساً**: ان لا تتجاوز مدة التحقيق مع القاضي عن المدة المعقولة لإنجاز التحقيق السريع الناجز.

**سادساً**: ان لا تتجاوز مدة سحب يد القاضي المعرض للمساءلة ما نصت عليه القوانين.

**المادة (٦٨):**

تكون الإجراءات الانضباطية ضد القضاة سرية لحين صدور القرار البات فيها.

**المادة (٦٩):**

لا يجوز استخدام نقل القضاة كعقوبات مبطنة أو وسيلة للضغط عليهم والتدخل في شؤون العدالة والدعاوى والطلبات التي ينظرونها وخرق استقلالهم الذاتي.

## الفصل الثالث عشر
## أحكام ختامية

**المادة (٧٠):**

تنشر هذه المدونة في الجريدة الرسمية ( وقائع كوردستان ) وتعد نافذة من تاريخ نشرها .

**القاضي**
**عبدالجبار عزيز حسن**
**رئيس مجلس القضاء في إقليم كوردستان العراق**